عەبدوڵڵا سەمەدی

# تا دڵنیا نەبین، با بڕیار نەدەین

لە ۲۰۰۴/۱۱/۲۴ هەر لەم سایتەدا، بابەتێکم لە ژێر ناوی «ئاوڕێك وەسەر ژیان و بەرهەمی هونەرمەندی کورد، **خەلیلی سەددیقی**» بڵاوکردەوە. لە پەراوێزدا ئاماژەیەکم کردبوو کە مەبەستم گیروگرفتەکانی نووسەری کورد بوو لە ناوخۆی وڵات؛ کە چلۆن نووسراوەیەکی ساکار و ئاسایی دەبێ ئەمدەست و ئەودەست بکا و سەر بە چەند ماڵ و چەند دەرکان دابکا، تا لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا ڕووناکی ببینێ. چونکە کاتی خۆی نووسراوەکە لە **گۆڤاری گزینگ** دا بڵاو کرابۆوە، بەرپرسی گۆڤارەکە، کاك س.چ هێرش ئەو ئاماژەیەی بە سکاڵا لەسەر خۆی مانا کردبۆوە. لەکاتێکدا حوکم نەبوو هەموو گلەیی‌یەکە بکەوێتە سەر ئەو، چونکە چەند دەستی تریشی کردبوو. کەچی بە پشوویەکی سوارەوە و بەپەلە، لە ۱۱/۲۵ دا وەڵامێکی توند و تیژی بە کۆمەڵێك بەڵگە و دەستخەتەوە دایەوە؛ کە من لە کاتی بینینی ئەو وەڵامەدا، هەستم دەکرد لە بەرامبەر بازپرسێکی تووڕەدا ڕاوەستاوم و هەرچی زووتر بە تاوانی دزی، بڕیاری دەستپەڕاندنم بۆ دەردەچێ.

هەر وەك ئەو نووسیبووی (هێژ بە خزمەتی نەگەیشتووم)، منیش بەداخەوە (هێژ بە خزمەتی جەنابیان نەگەیشتووم) بەڵام لە ڕێگەی گۆڤارەکەیەوە پێوەندیم لەگەڵیان هەبووە و هەندێ بابەتی وا کە بڵاوکردنەوەکەی لە ناوخۆی وڵاتدا بۆ من نەدەلوا، لە ڕێگەی جەنابیانەوە بڵاوم کردووەتەوە و هەموو جاریش لەگەڵ دەستخۆشی لێکردن و داوای بەردەوامکردنی هاوکاری لەلایەن جەنابیانەوە ڕووبەڕوو بوومەوە. منیش لەو بابەتەوە سپاسوێژم و چجار نە ڕووبەڕوو و نە پاشملە گلە و گازندەیەکم لێی نەبووە.

شێوە ئاخاوتنی ڕێزدار س.چ هێرش لە وەڵامدانەوەکەیدا، زۆر دوور لە چاوەڕوانیی بوو. من نەمزانی جەنابیان ئەو دڵنیایی و متمانەیەی لە کوێوە هێناوە کە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: ئایا ئەو ئاکار و کردارەی کاکی نووسەر (م. مازیار) [= دروستەکەی **ع. مازیار** ە] کە زانیارییەکانی لە ڕووی نوسخەی فارسیی کاك بەهمەن وەك سەرچاوەی ئۆرگیناڵ کۆپی کردووەتەوە ماکیاڤیلیانەیە یا... وەك لە پەراوێزەکەدا ئاماژەم پێکردبوو، من بڕیارم بە کاك بەهمەن دابوو بەر لە ڕەوانەکردنی وتارەکەم، نوسخەیەکی بنێرمە خزمەتی تا لە بیروڕا و تێبینییەکانی ئاگادار بم. پاشی تەواو کردنی کارەکەش بە پێی ئەو بڕیارە، سەرجەم وتارەکەی خۆم، بە ئەمانەتەوە و وشە بە وشە کردە فارسی و دامە دەست کاك بەهمەن تاکوو بیخوێنێتەوە و لە دوایین بیروڕای خۆی ئاگادارم بکاتەوە. بۆیەش کردمە فارسی چونکە لە ڕۆژهەڵات زۆر کەس شارەزای خوێندنەوە و نووسینی کوردی نییە. منیش بە ڕای خۆم پێموابوو ئەگەر لە جیاتی دەقی کوردی، وەرگێڕانی فارسیی نووسراوەکەم بدەمە کاك بەهمەن، ئەو باشتر تێیدەگا. ئیدی بیری مردنی خۆم کردبا، بیری ئەوەم نەدەکرد زەمانێك بەوە تاوانبار دەکرێم کە گۆیا وتارەکەی من لە گزینگدا، دەبێتە دزینی زانیارییەکانی نوسخەی فارسیی کاك بەهمەن! پرسیارێکی سەرسوڕهێنەریش ئێستا بۆ من ئەوەیە کە ئەم وەرگێڕانە فارسییە چلۆن و بۆ ڕەوانەی گزینگ کراوە تاکوو ئەمڕۆ وەکی بەڵگەیەك بە چاوی من دادرێتەوە؟! ئەوەش نموونەی لاپەڕەکانی یەکەم و دوایی وەرگێڕاوە فارسییەکە، کە لە ڕووی دەقە کوردییەکە، بۆ کاك بەهمەنم ئەنجام داوە. واتە وەرگێڕاوی نووسراوەی خۆمە بە قەڵەمی خۆم!



نگاهی گذرا به زندگی هنرمند کرد «خلیل صدیقی»

هنرمند محبوب و خوش صدای کرد «خلیل صدیقی» فرزند «حاج محمد صدیق»، در سال ۱۳۰۹ شمسی در یک خانواده متمول و سرشناس مهابادی دیده به جهان گشود. و تحصیلات ابتدائی و قسمتی از تحصیلات متوسطه را در زادگاهش به انجام رسانید، و از هر فرصتی استفاده می‌کرد تا به روستای زیبای «تازه قه‌لا» در نزدیکی «نقده»، که ملک خانوادگی شان بود، برگردد. زندگی در روستا، تاثیر عمیقی بر روحیه پاک و بی آلایش کودکانه وی گذاشت، به نحوی که این تأثیر در دوران بعدی و زندگی آینده وی آشکارا دیده می‌شد. وی بعد از ترک تحصیل، بیشتر اوقات خود را با دوستانش می‌گذراند و در این دوران با دنیای شعر و ادب، سیاست و موسیقی و عشق آشناتر گردید.

هنگامی که «خلیل» به سن شانزده سالگی پا می‌گذاشت، محیط و جامعه وی دستخوش حوادث مهمی بود، که بعدها این حوادث جایگاه ویژه‌ای در تاریخ یافتند.

در سال ۱۳۲۵ جمهوری کردستان در مهاباد تأسیس شد و خلیل به جرگه جوانان دمکرات پیوست. در این زمان اتحاد جماهیر شوروی از طریق جمهوری آذربایجان کمکهای مالی و نظامی خود را به مهاباد می‌رسانید. در راستای همین کمکها، «باقراوف»، صدر هیئت رئیسه وزیران آذربایجان شوروی اعلام کرد، دانشجویان کرد می‌توانند در دانشکده افسری باکو تعلیم ببینند. این کمک برای جمهوری نوپای کردستان بسیار مهم و بلکه حیاتی بود. پس بزودی ششصد جوان در مهاباد و مناطق تحت حاکمیت، اسم نویسی شوند و چنین تصمیم گرفته شد که



در حمایت «ملا مصطفی بارزانی» قرار گیرد. در این مدت وی توانست با هنرمندان کردستان عراق و علی الخصوص هنرمند مشهور «استاد طاهر توفیق» ارتباط و آشنایی پیدا کند. وی در سال ۱۳۴۲ با بوجود آمدن محیط مساعد توانست به مهاباد برگردد، ولی همواره زیر نظر و مراقبت ساواک بود و با دسیسه و برنامه ریزی ساواک، وی به طرف اعتیاد کشیده شد. خلیل در این دوران سفرهایی به تهران کرد و با هنرمندانی همچون «بانو دلکش» و «استاد بنان» آشنا شد.

عاقبت این هنرمند، بسیار غم انگیز بود، و علاوه بر مشکلات عدیده، با بیماری ریه نیز دست به گریبان گردید. مرگ وی در چهارم بهمن ماه ۱۳۴۸ مردم مهاباد را عزادار کرد و در گورستان «بداق سلطان»، در جوار گور مبارز شهیر «سلیمان معینی» که یک سال قبل شهید شده بود، به خاک سپرده شد.

بیستم دیماه ۱۳۷۸ - مهاباد

سید عبدالله صمدی

۵

بۆیە پێشتر گوتم: شێوە ئاخاوتنی ڕێزدار س.چ هێرش لە وەڵامدانەوەکەیدا، بۆ من دوور لە چاوەڕوانیی بوو، چونکە زۆر جار بەڕێزیان لە میدیاکاندا، وەکی ڕۆژنامەوان، نووسەر یا چاوەدێری سیاسی دەردەکەون و لەسەر گیروگرفت و بابەتە گرینگەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەمان پرس و ڕایان پێدەکرێ. هەر بۆیە پێشداوەرییەکی ئەوتۆ دوور لە ڕاستی، لە کاتێکدا لە چۆنیەتیی کارەکە ئاگادار نییە، بۆ من و هەر کەسێکی خاوەن ئینساف شتێکی سەیرە.

س.چ هێرش لە بەشێکی تری وەڵامەکەیدا، ئاماژە بەو فاکسە دەکا کە وەکی ڕوونکردنەوەیەك، پاشی بڵاوبوونەوەی وتارەکەم ڕەوانەی گزینگم کردبوو و دەڵێ: چونکە نامەکەش جگە لە پاڕانەوە و لالانەوە شتێکی ئەوتۆی تێدانەبوو، چاپ نەکراوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جەنابیان تا ئەو کاتە – یەك لایەنە - لەوە دڵنیا ببوو کە وتارەکەی من وەرگێڕاوی دەقاودەقی زانیارییەکانی دەقی فارسییە و دەقە فارسییەکەشی بە هی کاك بەهمەن زانیوە، هەر بۆیە ڕوونکردنەوەکەی منی بە پاکانە و پاڕانەوە داوەتە قەڵەم و دیسان پێشداوەری کردووە. هەڵبەت وەك لە وەڵامەکەدا دەڵێ، ئەو بەڵگەنامەیەی ڕاگرتووە بۆ کاتێکی زۆر پێویست، کە من لێرەدا زەحمەتی ئەویش کەم دەکەمەوە:





جەنابی س.چ هێرش، لە وەڵامەکەیدا، کۆڵێکی وشەی ناشیرین وەك ( گۆنگەڵنانەوە – گێچەڵ پێکردن – دیزە و گۆزەی هەڵە و خەتاکان لە سەری خەڵکدا شکاندن )ی بەکار هێناوە و گەلێك تاوانی وەك ( دزی و درۆزنی ) خستووەتە پاڵم، بەڵام هێشتا ئەوانە بە ڕازداری و دڵڕاگرتن و مودارا کردن دادەنێ و هەڕەشەی ئەوە دەکا کە بەڵگەنامە گرینگەکان و قسە نهێنییەکانی ڕاگرتووە بۆ کاتی زۆر پێویست! کەچی من جگە لەوانەی باسم کرد، شتێکی دیکە لەخۆمدا شك نابەم و بەم قەناعەتەش گەیشتووم کە تاوانبار کردن لە کۆمەڵگایەکەی زەلیلکراو و دواخستراوی وەك ئێمەدا، لە ئاوخواردنەوە هاسانترە.

چونکە بڕواشم وایە کە میدیاکان و دەمودەزگا ڕاگەیەنەرەکانی کوردی، بە تایبەت لە هەلومەرجی ناسکی ئێستادا، ئەرکێکی زۆر گرینگی نەتەوەییان لە ئەستۆیە و نابێ بکرێنە دەفتەرچەی یادداشتی ئەموئەو؛ بەم هۆیە من دەرکی ئەم باسە لە لایەنی خۆمەوە دادەخەم و ئامادە نیم لەوە زیاتر درێژەی پێبدەم. هیوادارم کاك س.چ هێرش ئەم وەڵام نەدانەوەیەم بە تاوان لەسەر نەنووسێ.